

# شەپۆڵی چاوە شینەکانت

## هۆنراوەی شاڵاو

کامیان شینترن لە کامیان
ئەو دەریایەی
لە پێشمدا ڕاوکشاوە
یاخود دەریای چاوەکانت
کامیان شینترن لە کامیان
ئەوئاسمانەی لەسەر سەرم ڕاوەستاوە
یاخود تیشکی چاوەکانت
ئەمشەو حەزم لەمەلەیە
لە کام دەریا مەلەی بکەم
لەو دەریایە پرگێژاوەی
وا شێتانە شەپۆڵ داوێ
هەرچی کەشتی وکەشتیەوانە
لەبەندەردا ڕایدەماڵێ
یاخود تیشکی چاوەکانت
شینەو قووڵەو دەتریسکێنی
دەریا هەرچەندە قووڵیش بێ
لە ناوی بێ دەیخنکێنی
ئەتۆ ئەی چاو دەریای بێ بن

من دڵنیام
دەریای چاوی تۆ خۆشترە
چاوەکانت دەریایەکن
گەڵێک هێمن
نە گێژاوی لوولم دەدا
نە گەردەلوولیشی دەمبا
ئاخۆ مەڵە لەچاوی تۆ
چ کارێکم بەسەر دێنێ
من ئامادەم
بێجگە لە دەریای چاوی تۆ
هیچ دەریایەک نەمخنکێنێ...